**د. زاهیر سوران**
**پسپۆری نەخۆشییە درمەکان & پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن – ستۆکهۆڵم .**
2007.09.09

# شێرپەنجەی هێلکەدانەکان

**بە پێی چەندان سەرچاوە لە نێو ئەو شێرپەنجانەی کە تووشی ئافرەت دەبێت ئەم جۆرەیان بە پلەی سێهەم دێت و وەلێ زۆربەی شێرپەنجەی هێلکەدانەکانی ئافرەت لە جۆری باشەکانە واتە (Benign Tumor) .**

**هۆکاری یاریدەدەر**

**– بۆماوە .**

**– تەمەن ( تا ژن بە تەمەن بێت مەترسی زێدەترە) .**

**– زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمك .**

**هەندێك سەرچاوە دەبێژن کە زۆرمنداڵبوون دەبێتە هۆی شێرپەنجەکە یان بە پێچەوانەوە .**

**– قەڵەوی ، ئەنجامی توێژینەوەیەکی ئەمێریکایی کە لە گۆڤاری (cancer) دا بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە ئەو ژنانەی قەڵەون واتە (کێشیان زۆرە) هێلکەدانەکانیان تووشی جۆرێك شێرپەنجەی دڕ دەبێت .**

**ئەم جۆرەیان لەو ئافرەتانەدا نەبینراوە کە کێشیان ئاساییە ، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە پەیوەندییەك لە نێوان بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن و قەڵەوی دا هەیە (5) .**

**– حەبی نەهێشتنی منداڵبوون .**

**– شیردان .**

**توێکاری**

**هەموو ئافرەتێك 2 هێلکەدانی هەیە و نزیکەی 3 سم درێژن و دەکەونە ئەملاولای منداڵدان (پزدان) ەوە . بە هۆی کەناڵی هێلکەدانەوە کە هێلکەی پیادا دەگوێزرێتەوە بەستراون بە منداڵدانەوە ، وەلێ دەجولێن . کەناڵی هێلکەدانەکان دووانن و نزیکەی 10–15 سم درێژن و لە ئەملاولای بەشی سەرەوەی پزداندا دەکرێنەوە .**



پرۆسەی هێلکەدانان و چۆنیەتی گەیشتنی بۆ نێو منداڵدان

## نیشانەکان

زۆرجاران نیشانەکانی شێرپەنجەکە لەسەرخۆیە و بێ هەست پێکردن دەردەکەوێت . هەندێك جار کاتێك نەخۆش سەردانی پزیشکی پسپۆر دەکات ئەوسا دەردەکەوێت کە شێرپەنجەکە بڵاوبۆتەوە . نیشانەیەکی گرنگ بریتییە لە ئازاری نێوسك وەلێ بە نارەحەتی شوێنەکەی دیاری دەکرێت . لەوانەیە گیروگرفتی میزکردن و پیسایی کردنیش دەربکەوێت . جاری وا هەیە نەخۆش هەست دەکات گرێیەك یان لوویەك لە سکی دا هەیە .

هەندێك جار ناوبە ناو ئافرەت خوێنی (هەیە) دێت ، شلەیەکی لینج لە گوڵینکەوە دێتە دەرەوە ، لە کاتی راوەستاندا یان دانیشتندا هەست بە قورسایی سك دەکات . کەمبوونەوەی کێش و خراپبوونی باری گشتی نەخۆشیش تۆمار کراوە .

ئەو ژنانەی تەمەنیان لە سەروو 50 ساڵانەوەیە یان لە قۆناخی پاش لێچوونەوەدان گەر هەستیان بە ئازاری سك کرد پێویستە سەردانی پسپۆری ژنان بکەن .

## قۆناخەکان

ئەنجامی توێژینەوەکانی پاش نەشتەرگەی نیشانیانداوە کە شێرپەنجەکە 4 قۆناخی هەیە کە ئەمانەن :

1- قۆناخی 1 ، شێرپەنجەکە یەك هێلکەدان یان هەردووکیانی گرتۆتەوە .
2- قۆناخی 2 ، شێرپەنجەکە سمت و سێبەندەی گرتۆتەوە .
3- قۆناخی 3 ، شێرپەنجەکە بۆشایی ناوسکی گرتۆتەوە .
4- قۆناخی 4 ، شێرپەنجەکە ئۆرگانی دی دەرەوەی نێو سکی گرتۆتەوە .

## دەستنیشانکردن

هەرچەندە ئەمرۆ تەکنۆلۆژیا فرە پێشکەوتووە و بە ئاسانی سۆنۆگراف دەتوانێت لە کاتی کۆنترۆڵێکی ئاساییدا نەخۆشییەکە دەستنیشان بکات . وەلێ هەندێك جار بە هۆی کەمتەرخەمی نەخۆشەوە شێرپەنجەکە هێندە گەورە دەبێت کە ئافرەت بە ئاسانی هەستی پێدەکات لەبەرئەوەی پەستان دەخاتە سەر میزەڵدان ، ریخۆڵەکان و زۆرجار نەخۆشیش دەیبینێت . هەندێکجاری دی لە رێگای تێستی خوێنەوە دەردەکەوێت کە مرۆ شێرپەنجەیەتی .

دووربینە نەشتەرگەری واتە (Laparoscopy) زۆر بە سوودە بۆ زێدەتر دڵنیابوون لە دیاریکردنی شێرپەنجەکەدا . مەرج نییە گەر هێلکەدانەکان گەورەبن ئەوا ئافرەت شێرپەنجەیەتی لەوانەیە کیسەی پڕ لە ئاو یان شلە بێت و گەورە دەبینرێت بەڵام هەر جۆرێکی باشە .

## رێژەوی شێرپەنجەکە

بەگشتی باشە و لە 80٪ ی بارەکاندا پاش لابردنی شێرپەنجەکە نەخۆش چاك دەبێتەوە ، وەلێ هەرمەترسی هەندێك ئاڵۆزکاری هەیە .

## چارەسەرکردن

پسپۆرانی شێرپەنجەزانی وای بە باش دەزانن کە پێویستە بە پێی قۆناخی شێرپەنجەکە و شێوە یان جۆری خانە شێرپەنجەییەکان شێوە یان جۆری چارەسەرکردن هەڵبژێردرێت وەلێ باشترین چارەسەرکردن بریتییە لە نەشتەرگەری . هاوکات چارەسەرکردن بە دەرمان ، تیشك ، شێوەی بەرگریزانیش بەکاردەهێنرێت .

**سەرچاوەکان**

1. Cancer i äggstockarna. Netdoktor.se © 050401.
2. Claes Gottlieb Bo Von Schoultz, öppenvårds gynekologi, liber.Falköping. 1999.
5. www.serono.se ©.
4. www.infomedica.se © 050401.
5. www.dagensmedicin.se . © 060830.
6. www.cancerfonden. ©.061010.